گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) –ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# تێڕوانینێکی سیمانتیکی بۆ ناوی داڕێژراو

**د. ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین**

بەشی زمانی کورد، کۆلێژی پەروەردە،مەخمور، زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر ، هەرێمی کوردستان، عێراق

amir.muhammadamin@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:** ٢٠٢٢/١٢/١٣
**پەسەندکردن:** ٢٠٢٣/١/٢٥
**بڵاو کردنەوە:**زستانی ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*Perspective, Semantic, Word, Derivational Morpheme, derived nouns.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.5.17

## پوختە

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (تێڕوانینێکی سیمانتیکی بۆ ناوی داڕێژراو)، هەندێك لایەنی سیمانتیکی ناوی داڕێژراوی زمانی کوردی بە پێی پێویستی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو، هەر بۆیە سیمانتیکی زمانی کوردی وەکو زانستێک بایەخ بە واتا زمانییەکان دەدات، لەوانەش توێژینەوە لە سیمانتیکی ناوی داڕێژراو دەکات و چەمک و لایەنە واتاییەکانی شیدەکاتەوە.

سنوری توێژینەوەکە لە کەرستە زمانییەکانی دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردی پێکهاتووە، سەبارەت بە ڕێبازی توێژینەوەکەش ڕێبازی وەسفی شیکاریی و تیۆری سیمانتیکی شیکەرەوەیی پەیڕەوکراوە.

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و سەرچاوە و پوختە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، لە دوو بەش پێکهاتووە، کە بەم شێوەیە:

بەشی یەکەم: باس لە هەندێ لایەنی سیمانتیکی وشە دەکات، کە ئەم بابەتەکانی دەروازە، سیمانتیک، ئەرکی سیمانتیک، نیشانەی جیاکەرەوەی سیمانتیکیی، پێکهاتەی سینتاکسیی، وشە، واتای سیمانتیکیی وشە، زاراوە و چەمکی مۆرفیم لەخۆدەگرێت.

بەشی دووەم: باس لە تێڕوانینی سیمانتیکی ناوی داڕێژراوی کوردی دەکات و لە بابەتەکانی زاراوە و پێناسەی ناوی داڕێژراو، ڕۆنان و واتای سیمانتیکیی ناوی داڕێژراو، مۆرفیمەوشەداڕێژەکانی ناوی داڕێژراو، پێشگر، پاشگر، پۆڵگۆڕیی، کەرتە پێکهێنەرەکانی ناوی داڕێژراو، ڕۆنان و واتای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) –ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیمانتیکیی ناوی دارێژراو لە ناودا، ڕۆنان و واتای سیمانتیکیی ناوی دارێژراو لە ئاوەڵناودا، ڕۆنان و واتای سیمانتیکیی ناوی دارێژراو لە کارەوە، ڕۆنان و واتای سیمانتیکیی ناوی دارێژراو لە ئاوەڵکاردا، مۆرفێمە ڕێزمانییەکانی ناوی دارێژراو پێکهاتووە.

**وشە سەرەکییەکان: تێڕوانین، واتاسازی، وشە، مۆرفێمی وشەدارێژ، ناوی دارێژراو.**

## پێشەکی:

### ناونیشانی توێژینەوەکە:

ناونیشانی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (تێڕوانینێکی سیمانتیکیی بۆ ناوی دارێژراو)، واتە؛ هەندێ سەرنج و تێڕوانینی نوێ لە بارەی سیمانتیکی ناوی دارێژراو لە زمانی کوردیدا بە پێی پێویستی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو.

### کەرستە و ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە، نموونە و کەرستە زمانییەکانی پێکهاتووە لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردی، پشت بە ئاخێوەرانی ئەم دیالێکتە بەستراوە، سەبارەت بە ڕێبازی توێژینەوەکەش ڕێبازی وەسفی شیکاریی و تیۆری سیمانتیکیی شیکەرەوەیی پەیڕەوکراوە.

### ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و سەرچاوە و پوختە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، لە دوو بەش پێکهاتووە، کە بەم شێوەیە:

بەشی یەکەم: باس لە هەندێ لایەنی سیمانتیکیی وشە دەکات، کە ئەم بابەتەکانی دەروازە، سیمانتیک، ئەرکی سیمانتیک، نیشانەی جیاکەرەوەی سیمانتیکیی، پێکهاتەی سینتاکسیی، وشە، واتای سیمانتیکیی وشە, زاراوە و چەمکی مۆرفێم لەخۆدەگرێت.

بەشی دووەم: باس لە تێڕوانینی سیمانتیکیی ناوی دارێژراوی کوردی دەکات و لە بابەتەکانی زاراوە و پێناسەی ناوی دارێژراو، ڕۆنان و واتای سیمانتیکیی ناوی دارێژراو، مۆرفێمەوشەدارێژەکانی ناوی

داڕێژراو، پێشگر، پاشگر، پۆلگۆڕیی، کەرتە پێکهێنەرەکانی ناوی داڕێژراو، ڕۆنان و واتای سیمانتیکیی ناوی داڕێژراو لە ناودا، ڕۆنان و واتای سیمانتیکیی ناوی داڕێژراو لە ئاوەڵناودا، ڕۆنان و واتای سیمانتیکیی ناوی داڕێژراو لە کارەوە، ڕۆنان و واتای سیمانتیکیی ناوی داڕێژراو لە ئاوەڵکاردا، مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی ناوی داڕێژراو پێکهاتووە.

## بەشی یەکەم: هەندێ لایەنی سیمانتیکیی وشە

### 1) دەروازە:

کاتێك کەلێن و بۆشایی لە ڕێزمان و سیمانتیکدا دروستدەبێت، کە ناوی سادە بە تەنیا ناتوانێت، پڕیان بکاتەوە. زمانی کوردی لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی وشەی نوێ بە گشتی و ناوی داڕێژراو بە تایبەتی واتای نوێ بەرهەمدەهێنێت و پڕیان دەکاتەوە، ئەمەش بە هۆی پێویستی ژیانی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی زمانەکەوەیە، هەر بۆیە ڕۆنانی ناوی داڕێژراو لە زمانی کوردیدا لە مۆرفیمە وشەدارێژەکان و یەکە سەربەخۆکان پێکدێت و واتای نوێ دروستدەکات, بەمەش بۆمان دەردەکەوێت, کە ناوی داڕێژراو بەلایەنی کەمەوە لە یەکەیەکی سەربەخۆ و گیرەکێکی وشەداڕێژی پێکدێت، زۆر جاری واش هەیە، مۆرفیمەڕێزمانییەکان لە فۆڕمێکی سینتاکسیدا دۆخی ناوە داڕێژراوەکە دیاری دەکەن.

سیمانتیک وەکو زانستێک بایەخ بە واتا زمانییەکان دەدات و سەرنج و تێڕوانینی خۆی دەخاتەڕوو، هەربۆیە توێژینەوە لە ناوی داڕێژراو لە زمانی کوردیدا چەمک و واتای نوێ لێکدەداتەوە.

### 1/1) سیمانتیک Semantics:

واتا ڕۆڵێکی گرنگ لە زماندا دەبینیت، کە سیمانتیک ئاستێکە لە ئاستەکانی زمان، زانایانی زمان زۆر پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ سیمانتیک کردووە، کە لێرەدا هەندێك لەم پێناسانە دەخەینەڕوو.

_ ((سیمانتیک لێکۆڵینەوەی واتایە لە زمان))(Crystal,1992: 347 ).

_ (سیمانتیک لقێکە لە زمانەوانی تیۆری، کە لێکۆڵینەوە لە واتای وشە و ڕستەکان دەکات)(الخولی،٢٠٠٠: ١٢٤).

_ سیمانتیک ((بەشێکی سەرەکییە لە زانستی وشە و لە گشت ئەو مەسەلەو کێشانە دەکۆڵێتەوە، کە پەیوەندییان بە مانای وشەوە هەیە))(مارف، ٢٠٠٤ :٣٩١).

_ ((واتاسازی وەک زانستێک لە زمانەوانیدا بایەخ بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی واتای وشە و گرێ و ڕستە دەدات))(عەلی، ٢٠١0: ٧).

_ ((سیمانتیک ئەو زانستەیە کە لە دەلالەتە زمانییەکان دەکۆڵێتەوە))(مەحموود، ٢٠١٥: ٤٦).

واتە؛ سیمانتیک تویژینەوە لە وشەکانی زمان دەکات و چەمکی واتاییان وەکو خۆی پیشاندەداتن، بەم جۆرە سیمانتیک خاڵی سەرەکی کارکردنە لە سەر واتای وشە و گرنگی دەدات بە سەرجەم ئەو گیروگرفتانەی کە پەیوەندییان بە چەمکی وشەوە هەیە, لێیان دەکۆڵێتەوە، دواتر سەرەڕای ئەو شیکردنەوە واتاییانە، بایەخ بە یەکە یەکەی کەرستەکانی ناو ڕستە و ڕیزکردنیان وەک، ناو و جێناو ئاوەڵناو و ئاوەڵکار و کار دەدات و لە ڕۆنان و چەمکی واتاییان دەکۆلێتەوە، بەم پێیە سیمانتیک، وەکو زانستێک بایەخ بە واتا زمانییەکان دەدات، لەوانەش توێژینەوە لە سیمانتیکیی ناوی دارێژراو دەکات و چەمک و لایەنە واتاییەکانی دەخاتەڕوو.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین، کە پێناسەیەکی تری سیمانتیك بکەین.

_ سیمانتیك ئەو زانستە زمانییەیە، کە بە شێوەیەکی زانستی لێکۆلینەوە لە واتای کەرستە زمانییەکان و پەسن و ڕۆنانی پەیوەندییە واتاییەکانی نێوانیان دەکات.

### 2/1) ئەرکی سیمانتیک:

دیارە سیمانتیک، وەکو زانستێکی زمانەوانی ئەرک و مەبەستی خۆی هەیە، کە بەم شێوەیە (ئامانج و مەبەستی سیمانتیک ئەوەیە، کە ئاڕاستەی کردەیی گەیاندن و پەیوەندی و تێگەیشتنی هاوبەش ئاسان بکات و زاراوە و چەمکەکان لە سەرجەم زانستەکان نەخوازە لە زانستە نوێیەکان و پەیوەندییەکانی گەیاندن بچەسپێنێت، تاکو ژیانی مرۆڤایەتی لە سەرجەم بوارەکان پێشبکەوێت)(الدباس، ٢٠١٢: ١٩٥). واتە؛ ئامانجی سەرەکی سیمانتیک ڕایەڵەی پەیوەندی و گەیاندن دروستبکات، کە بە شێوەیەک بێت تێگەیشتنی هاوبەش بەرهەمبهێنێت. بەمەش دەبێت زاراوە و وشە نوێییەکانی، وەکو ناوی دارێژراو پەسنی واتایی هەبێت. کەواتە؛ ((کار و ئەرکی سیمانتیکی بریتییە لە پەسنکردنی واتا و پەیوەندییە واتاییەکان))(عومەر،٢٠١٢: ١٠٢). بۆ نموونە ناوی دارێژراوی (ئاسنگەر) پەسنی واتایی لە زمانی کوردیدا هەیە و لە نێوان (بناغە + پاشگر) ڕێککەوتن و پەیوەندی واتایی هەیە، واتای خاوەن پیشە دەگەیەنێت، بەهەمان شێوەش، وەکو ناوی دارێژراوەکانی (مزگەر،

زەرەنگەر...هتد) واتای خاوەن پیشە دەگەیەنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ((هەندێك دارێژراو بەم پاشگرە، بە هۆی هەبوونی وشەی دیکە، کە ناوی خاوەنپیشەن بلۆکدەکرێن. بۆ نموونە /شانۆکار/ رێگرە لە دارشتنی /شانۆگەر/، بەهەمان شێوە /سۆفیگەر/ رێگە لێگیراوە، چونکە وشەی /سۆفی/ بێ ئەو پاشگرە واتا و مەبەستی خۆی دەگەیەنێت، بەڵام وەك ناوی ئەبستراکت /شانۆگەریی/ و / سۆفیگەریی/ هەن))(ئەحمەد، 2010: 73). کەواتە؛ بەمە بۆمان دەردەکەوێت، کە هەر وشەیەك تایبەتمەندی خۆی هەیە لە وەرگرتنی پاشگر بۆ بەرهەمهێنانی فۆرم و واتای سیمانتیکیی نوێ بۆ نموونە /تووتنچی/ رێگرە لە رۆنانی /تووتنگەر/، ،یاخود (بەردگەر ) پەسنی واتایی لە زمانی کوردیدا نییە و لە نێوان ( بناغە + پاشگر ) رێککەوتن و پەیوەندی واتای نییە، بەم شێوەیە واتا و مەبەستی پاشگری [- گەر] لە رۆنان و واتای نوێدا دەردەکەوێت.

### 3/1) نیشانەی جیاکەرەوەی سیمانتیکیی Semantic Feature Symptom:

نیشانەی جیاکەرەوەی سیمانتیکیی یەکێکە لەم بنەمایانەی، کە سیمانتیك بۆ جیاکردنەوەی کەرستە زمانییەکان پشتی پێدەبەستێت، هەر بۆیە ئەم سیما جیاکەرەوانە بۆ بۆ ناوی دارێژراویشن گرنگن، چونکە((نیشانە سیمانتیکییەکان پێکهێنەری بنەرەتی یاسا سیمانتیکییەکانن. نیشانە سیمانتیکییەکان (توخم، مرۆڤ، گیانلەبەر، بزواو،...) دەگرێتەوە))(عومەر،2012 :١٠٣). واتە؛ ئەو نیشانانە بنەما و یاسای سیمانتیکین، دەکرێت لە سەر ئەو بنەما و یاسایانە ناوی دارێژراو چ شت، مرۆڤ، گیانلەبەر،... هتد بن، بەهەمان شێوەی وشەکانی تر دەستنیشانبکرێن، ئەمەش وا دەکات، بە ئاسانی بگەینە واتای ئەم ناوانە و جیاوازی لەگەڵ ناوێکی تردا بکەین. بەم جۆرە ناوی دارێژراو شێوەیەکە لە وشەی فەرهەنگی و واتای فەرهەنگی هەیە و لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێت و دەدۆزرێتەوە و واتاکەی لێکدەدرێتەوە. لەم رووەوە ناوی دارێژراو ((بەشێکە لە واتای فەرهەنگی وشە و لە شێوەی سیمای جیاکەرەوە خۆی دەنوێنێ))(دزەیی, ٢٠٠٩: ٨٧). هەر بۆیە دەتوانرێت، سەیری ناوی دارێژراو بکرێت لە سەر تایبەتمەندی نیشانەی جیاکەرەوە ( + یان _ )، بۆ نموونە:

_ نانەوا : + مرۆڤ، +هەراش, +نێر

_ نانکەر: + مرۆڤ، +هەراش, +مێ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) –ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەم پێیە ناوە دارێژراوەکانی ( نانەوا، نانکەر ) بە ڕێگەی نیشانەی جیاکەرەوەی سیمانتیکیی توانرا واتاکانیان لە یەکتر جیابکرێتەوە و دەستنیشانبکرێن. بەمەش ((شیکردنەوەی واتای وشەکانی زمان بۆ ڕەگەزە بچووکەکانی, واتای تەواو پیشاندەدەن))(خرما، ٢٠١٣: ٤١٢). لێرەدا بە تەواوی واتای هەردوو ناوی دارێژراوی (نانەواو، نانکەر)، کە بۆ ڕەگەزی بچووکتر شیکراونەتەوە و لێکدراونەتەوە و لە ڕووی سیمانتیکی لەیەکتر جیاکراونەتەوە. بەم شێوەیە ((مدلول لە سەر بنەڕەتی پێکهاتەی وشە دیاری دەکرێت))(مەحموود، ٢٠١٥: ٤٧). بۆ نموونە، وشەکانی (پیاو ، ژن) واتاکانیان بەم شێوەیە دیاریدەکرێت:

_ پیاو: +نێر، +پێگەیشتوو، +مرۆڤ

_ ژن: +مێ، + پێگەیشتوو، +مرۆڤ

### 4/1) پێکهاتەی سینتاکسیی Structure Syntactic:

پێکهاتەی سینتاکسیی بۆ نیشاندانی ڕۆنان و واتای ناوی دارێژراو لە زماندا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت. هەر بۆیە ((دروستەی سینتاکس هەمیشە بۆ لێکدانەوەی سیمانتیکی بە بنەڕەت دانراوە، چونکە هەر یەکەیەک لەو پێرەوەدا، ڕۆڵێک دەگێڕێ کە پێکهێنەری خودی واتایە.))(عومەر،٢٠١٢: ١٨٧). بۆ نموونە پێکهاتەی سینتاکسی ناوی دارێژراوی (ئاسنگەر) لە زمانی کوردیدا، پێکهاتەیەکی ڕاست و دروست و ڕێگەپێدراوە، کە پێکهاتووە لە ناوی (ئاسن)و مۆرفیمی وشە دارێژی (_ گەر) ئەمەش بۆ سیمانتیک گرنگە، کە وا دەکات بە ئاسانی بگەینە واتای وشەکە و تێگەیشتن ڕوودات، بەم جۆرە گونجانی پێشگر و یەکەی سەربەخۆ و پاشگر لە کاتی هاتنیان لەگەڵ یەکتری، دەبێت ڕێگە پێدراوی سینتاکسیی هەبێت، ئنجا واتا بەرهەمدێت، کەچی ناوی (ئاسن)، پاشگری مۆرفیمی وشە دارێژی (گە) وەرناگرێت، بگوترێت (ئاسنگە)، کە دەبێتە پێکهاتەیەکی سینتاکسی نادروست و ڕێگە پێنەدراوە، بەڵام پاشگری (گە) لە زمانی کوردیدا ڕێگە پێدراوە، بچێتە سەر وشەکانی (جێ، خوێندن ... هتد) ناوی دارێژراوی (جێگە، خوێندنگە ... هتد) پێکبهێنێت. کەواتە؛ دروستی لایەنی سینتاکسیی وشە بۆ سیمانتیک پێویستە، تاکو بە ئاسانی تێگەیشتنی واتایی بە ئەنجام بگات. بەم پێیە (بایەخدانی سیمانتیک تەنیا لایەنی فەرهەنگی واتاکەی ناگرێتەوە، بەڵکو لایەنی ڕێزمانیش دەگرێتەوە)(عەلی,٢٠١٠: ١١). هەر بۆیە دروستی لایەنی ڕێزمانی ناوی دارێژراو بۆ سیمانتیک گرنگ و پڕ بایەخە، تاکو یەکەیەکی واتایی بەرهەمبێت.

**5/1) وشە Word:**

ناوی دارێژراو جۆرێکە لە وشە، هەربۆیە ((وشە ناوێکە ئاماژە بۆ شتێک دەکات و شێوەیەکی دەنگی هەیە، کە گۆدەکرێت و دەبیسترێت، هەروەها شێوەیەکی بینراویشی هەیە، کە دەنووسرێت و دەخوێندرێتەوە، ئەم زاراوەیە کۆمەڵێک خەڵک لە سەری رێککەوتوون کە واتای شتێک یان داواکراوێک دەگەیەنێت))(الخولی، ٢٠٠٠ :١٢٤). یاخود وشە ((ئەو یەکە زمانییە لە مۆرفیمێك یان زیاتر پێکهاتووە و بەشداری رۆنانی یەکەی سەرووی خۆی دەکات))(صديق، 2008: 60). بەم جۆرە وشە سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ دروستبوونی وشەی دارێژراو، کاتێك پاشگرێکی وشەدارێژ وەردەگرێت و واتایەکی نوێ پێکدەهێنێت، ئەمەش لە پەیرەوی زمانی کوردیدا رێگە پێدراوە، بۆ نموونە پاشگرەکانی (ەوار، ەر، ەوە ، گە) دەچنە سەر قەد و رەگ و چاوگی (خوێندن) ناوی دارێژراوی (خوێندەوار، خوێنەر، خوێندنەوە، خوێندنگە) دادەرێژن، بەم شێوەیە واتای سیمانتیکیی ناوی دارێژراوی (خوێندەوار) لە (خوێنەر) جیاوازە و (خوێنەر) لە (خوێندنەوە) جیاوازە و (خوێندنەوە) لە ( خوێندنگە) جیاوازە، ئەمەش وا دەکات، واتای سیمانتیکیی ناوی دارێژراوی هەر یەک لەم ناوانە، ئاماژە بن بۆ شتێک. بۆ نموونە:

_ خوێنەر ( +مرۆڤ، +خوێندەوار، +نێر، +مێ ).

_ خوێندنگە ( +بێ گیان، + شت، + بێلایەن).

بەم شێوەیە رەگی ( خوێن ) کاتێک پاشگری( _ەر )ی وەرگرتووە، پاشگرەکە بۆتە هۆی ئەوەی واتای (+مرۆڤ، +خوێندەوار، +نێر، +مێ ) بگەیەنێت و قەدی (خوێند)، کە پاشگری ( _ گە) وەرگرتووە، ئەم پاشگرە وای کردووە، کە واتای( +بێ گیان، + شت، + بێلایەن) بگەیەنێت. یاخود هەر لە وشەی سادەی (سەر) لە رێگەی دارشتن بە خستنەسەری مۆرفیمی وشەدارێژ چەندین فۆرمی نوێ و واتای نوێ بەرهەمبهێندرێت، کە هەریەکەیان هێمایەکە بۆ شتێك، بۆ نموونە (سەرە، سەروو، سەرەکی، سەرانە، سەروەر، سەروان، سەرمەند، سەرین، سەروا، هاوسەر، بێسەریی... هتد). بەم پێیە کاتێك گۆران لە فۆرمی وشەکاندا دروستدەبێت، گۆرانی واتایی بە دوای خۆدا دەهێنێت، هەروەك لەم نموونانەدا خستمانەروو، کە هەریەکەیان هیمایەکە بۆ واتای شتێك. لەم روانگەیەوە (سۆسێر ناو و ناولێنراو بە دوو رووی یەک دراو دەچوێنێت، کە ناتوانرێت ناو لە ناولێنراو جیابکرێتەوە، یاخود بە پێچەوانەشەوە)(الضامن، ١٩٨٩: ٧٢ ). واتە؛ هێمایەکە، بریتییە لە فۆرمی نووسینەکە لەگەڵ ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) –ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شتەی کە فۆڕمی نووسینەکە ئاماژەی بۆ دەکات، تەواوکەری یەکترن و واتا تەواو دەکەن و لەیەکتر جیا ناکرێنەوە.

### 6/1) واتای سیمانتیکیی وشە:

وشە لە ڕووی واتاوە هەندێ کرۆکی واتایی زمانەوانی تیادایە، ناوی داڕێژراویش جۆرێکە لە وشە، کەواتە؛ سیمانتیکیی ناوی داڕێژراویش ئەو کرۆکە واتاییە زمانەوانییانە لەخۆدەگرێت. لەبەر ئەوە لێرەدا ئەو کرۆکە واتاییە زمانەوانییانەی وشە دەخەینەڕوو:

١_ واتای فەرهەنگی ئەوەیە، کە واتای بنچینەیی ئەو یەکەیەیە، کە فەرهەنگ پێمان دەدات، بۆ نموونە وشەی شێر واتاکەی یەکێکە لەو دڕندە زیانبەخشانەی، کە لە پۆلی پشیلە و پڵنگە و بە پاشای گیانداران ناسراوە.

٢_ کرۆکی واتایی بۆ وشە ئەوەیە، کە وشەکە واتایەکی نوێ دەدات، کە واتای پیتی خۆی نییە، لەو کاتەی، کە دەڵێین: فڵان شێرە. مەبەستمان ئەوەیە فڵان ئازایە. لە زمانی ئینگلیزیدا دەڵێن: He is in the evening of his life. واتە؛ ئەو لە پایزی تەمەنی دایە.

٣_ واتای جیاواز بۆ یەک وشە، لێرەدا زۆر وشە هەیە لە زمان، کە زیاتر لە واتایەکیان هەیە، واتای ئەو وشەیە لەو چوارچێوەیە دیاریدەکرێت، کە تێدا بەکاردێت. وشەی ( عین = چاو ) بە واتای ئەو ئەندامە دێت، کە مرۆڤ پێی دەبینێت و لە چوار چێوەیەکی تردا بە واتای ئەندام لە ئەنجوومەنی ئەعیان دێت و هەروەها بە واتای کانی ئاو دێت، لە چوارچێوەی تریشدا بە واتای سیخوڕ دێت. بۆ نموونە: لە زمانی کوردیدا وشەی (زمان) بە واتای زمانی ناو دەم و زمانی ئاخاوتن، وەك زمانی کوردی دێت.

٤_ پەیوەندی لە نێوان یەکەکان وەکو هاوواتا و دژواتا و داپۆشین و هتد، بێگومان ژمارەیەک لە گۆکراو هەیە، کە واتاکانیان لە یەک نزیکن و یەک واتا دەگەیەنن، ( صحرأ ، بیدأ ، فلاه ) ئەمە پێی دەوترێت هاوواتا، لە زمانی کوردیشدا وشەکانی(گەنج = لاو = خورت = عەگید = جەوان) هاوواتان. بەڵام دژواتا یەکەیەک واتاکەی پێچەوانەی یەکەیەکی ترە، بۆ نموونە (بچووک× گەورە، زیندوو× مردوو) و دەتوانرێت داپۆشین بە وشەی (میوە، سێو ) بنوێندرێت.

٥_ ئەو سیاقەی، کە وشە تێیدا بەکار دێت، هەندێ جار واتای وشە بە پێی جیاوازی بەکارهێنانی لە سیاقی زمانیدا جیاواز دەبێت، بۆ نموونە (قضی بین الخصمین= حکم)،( قضی لە= حکم لە)،( قضی علیە= قتلە)(بڕوانە: فارع و ئەوانیتر،٢٠٠٣: ١٧٥_١٧٧). بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) –ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

_ نانی خوارد. بە واتای (خواردنی ئاسایی) دێت.

_ غەمی خوارد. بە واتای (هەبوونی غەم) دێت.

_ جگەرەی خوارد. بە واتای (کێشان) دێت.

_ پارەی خوارد. بە واتای (بردنی پارەی خەڵك) دێت.

لێرەدا (خوارد) لە هەریەك لەم ڕستانەدا واتای سیمانتیکیی جیاوازی هەیە. هەر بەم شێوەیە واتای سیمانتیکی ناوی داڕێژراوی کوردی، ئەو کرۆکە واتاییە زمانەوانییانەی وشەی هەیە، وەکو واتای فەرهەنگی و خوازە و فرەواتا و هاوواتا و دژواتا و داپۆشین و ئەو سیاقەی، کە تێیدا بەکاردێت، بەڵام دەبێت لەوەش بە ئاگا بین، کە وشە بە پێی کات و سەردەم و شوێن واتای دەگۆڕێت و واتای جیاواز وەردەگرێت. بۆ نموونە:

_ هاوواتا، وەکو (بێکار = بێ ئیش)،(بێ واتا = بێ مانا).

_ دژواتا، وەکو (کڕیار× فرۆشیار).

_ فرەواتا، وەکو (ڕستە) بە واتای:

١_ (جملە، زاراوەیەکی سینتاکسی کوردی دێت).

٢_ (ئەم بەنە، یان تەلە باریکە و درێژە لە ماڵان دێت، کە جلک دوای شوشتنی لە سەری هەڵدەخرێت).

### 7/1) زاراوە و چەمکی مۆرفێم:

مۆرفێم چەمکێکی ئەبستراکتە و بچوکترین دانە مۆرفۆلۆجییە کە بۆ یەکەی بچوکتر کەرت ناکرێت، لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو لە لایەن زمانەوانی ئەمریکی بلۆمفیلد بەکارهات، لەم کاتەوە لە شیکردنەوە زمانەوانییەکاندا شوێنی وشەی گرتەوە. بەم جۆرە زاراوەی ( مۆرفیم زاراوەیەکی گریکییە، لە دوو بەش پێکدێت، Morph بە واتای فۆڕم و eme بە واتای یەکەی جوداکەر دێت و هەردووکیان بەسەر یەکەوە بە واتای فۆرمێکی جوداکەر دێت)(سەلیم، 2012: 13). واتە؛ لە ڕێگەی مۆرفێمەوە دەتواندرێت، وشەکانی زمانی پێ پۆلین و جودا بکریتەوە. بەم شێوەیە ((زاراوەی مۆرفێم ئاماژە بە بچوکترین یەکە دەکات، ئەو یەکە پێکهێنەرانەی وشەن، کە ناتوانرێت لە ڕووی واتا

و ئەرکی ڕێزمانییەوە لەوە بچووکتر بکرێنەوە))(محمد،2019: 51). بۆ نموونە مۆرفێمی [شا] بریتییە لە تاکە مۆرفێمیك، ناکرێت کەرت بکرێت بۆ /ش/، /ا/ چونکە دەبن بە دەنگ.

بەم پێیە لە پێناسەی مۆرفێم ئاماژە بەوەکراوە کە (مۆرفیم بچووکترین دانەی واتادار، یان ئەرکداری زمانە)(موکریانی،2017: 9). هەربۆیە مۆرفیم دەکرێت، سەربەخۆبێت، بۆ نموونە: گوڵ، شاخ، یاخود بەند بێت، بۆ نموونە: _گەر لە ئاسنگەر، یاخود _ەکە لە کوڕەکە. بەم پێیە مۆرفێمی بەند دابەشی سەر دوو جۆر دەبێت، ئەوانیش بریتین لە مۆرفیمی وشەدارێژ و مۆرفێمی ڕێزمانی.

## بەشی دووەم: تێڕوانینی سیمانتیکی ناوی دارێژراوی کوردی

### 2) زاراوە و پێناسەی ناوی دارێژراو Derivational Noun:

زاراوەی ناوی داڕێژراو زاراوەیەکی سینتاکسی کوردییە، لە ڕووی سینتاکسیەوە شێوەی فرەیزی ناوی لە خۆگرتووە و لە قالبی دەرخراو و دەرخەر دەرکەوتووە، کە:

_ ناو=دەرخراوە.

_ ی= مۆرفێمی خستنەپاڵە.

_ دارێژاو= دەرخەرە.

لە ڕووی وشەسازیشەوە پێکهاتووە لە:

_ ناو= مۆرفێمی سەربەخۆیە.

_ ی= مۆرفێمی خستنەپاڵە.

_ داڕێژراو: (دا= مۆرفێمی وشەداڕێژە، ڕێژ= مۆرفێمی تەوەرەییە و ڕەگی چاوگی (ڕشتن)ە، ر= مۆرفێمی نادیارییە، ا= مۆرفێمی ڕابردووە، و= مۆرفێمی ناوی بەرکارییە).

گەلێک پێناسەی جۆراوجۆر بۆ ناوی داڕێژراو کراوە، لێرەدا بە پێویست، دەزانرێت، کە هەندێ پێناسە بخرێتەڕوو.

_ ناوی داڕێژراو ((ئەو ناوە ناسادەیەیە کە لە وشەیەکی سادە و زیادی پێکهاتبێت))(مارف, ١٩٧٩ :١٠٦).

_ (ناوی داڕێژراو ئەو ناوەیە، کە لە مۆرفێمێکی سەربەخۆو پێشگرێک یان پاشگرێک یان هەردووکیان واتە پێشگرو پاشگرەکە پێکهاتبێت)(ئەحمەد, ١٩٩٠ :٨١).

_ ((ناوی داڕێژراو لە کەرتێکی واتادار و گیرەکێک دادەڕێژێت))(یونس, ٢٠١٣ :٤٧).

واتە؛ ناوی دارێژراو ناوێکی سادە نییە، بەڵکو لە وشەیەکی سادە لەگەڵ زیادییەک دادەڕێژرێت. بۆ نموونە: (جەنگی, هاوزمان، بێکاری ) لێرەدا، ئەگەر بێت و وشە سادەکانی ( جەنگ، زمان ، کار) لەم ناوە دارێژراوانە وەرگرین، ئەوەی دەمێنێتەوە، ( ی، هاو ، بێ....ی )یە، وەکو زیادە چوونەتە سەر وشە سادەکان و ناوی دارێژراویان دروستکردووە. بەم شێوەیە، دەکرێت، ناوی دارێژراو لە وشەیەک، کە چوارچێوەیەکی سەربەخۆی هەبێت و پێشگرێکی وشەدارێژ، یان پاشگرێکی وشەدارێژ، یان هەردووکیان بە یەکەوە ناوێکی دارێژراو پێکبهێنن. بۆ نموونە: هەڵکەوت، بەردەست، هاوکار، هاووڵاتی، نەخۆشی, بێکاری، قەڵاتگە، دوانگە، خوێندنگە، ئارامگە...هتد، لەگەڵ ئەوەشدا مۆرفێمە بەندەکان لە بنەڕەتدا مۆرفیمی سەربەخۆی چالاکبوون و دوای گۆڕانی گۆڕانی فۆرم و کرتاندن تیایاندا بوون بە مۆرفێمی بەند، بۆ نموونە (گا/ گە) سەربەخۆبوون. هەربۆیە پێشگر و پاشگر لە دروستکردنی ناوی دارێژراودا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن. بۆ نموونە: بێشەرم، سەپانی، ڕاستی، نانەوا، گاوان، کرِیار، نووسەر، ڕاوکە، لوتکە، ونکە، لەتکە...هتد

ئەوەی جێگەی سەرنجە، ناوی دارێژراو بە زۆری لە وشەیەکی واتادار و مۆرفێمێکی وشەدارێژ پێکدێت، بەڵام مەرج نییە، هەموو کات وا بێت، بۆ نموونە: ناوی دارێژراوی (فێرگە) پێکهاتووە لە وشەی (فێر)، کە وشەیەکی سەربەخۆیە، بۆ ئەمڕۆی زمانی کوردی بێ واتایە لەگەڵ پاشگری وشەدارێژی (_گە) ناوێکی دارێژراویان ڕۆناوە، هەر بۆیە واباشتر بوو، بگووترابا، ناوی دارێژراو ئەو ناوەیە، کە لە وشەیەکی سەربەخۆ و مۆرفێمێکی وشەدارێژ دادەڕێژرێت. بەم جۆرە لە پێناسەیەکی تری ناوی دارێژراودا ئاماژە بەوە دەکەین.

_ ناوی دارێژراو ئەو ناوەیە لە فۆڕمێکی سەربەخۆ و گیرەکی وشەدارێژ پێکدێت، کە واتایەکی نوێ ببەخشێت.

**1/2) ڕۆنان و واتای سیمانتیکی ناوی دارێژراو:**

کاتێک باسی ڕۆنان و سیمانتیکی ناو دەکرێت، هەڵبەتە ناویش وشەیە، هەر بۆیە (وشەڕۆنان لە زمانەوانیدا لە چۆنیەتی پێکهاتن و یاسای دروست بوونی وشەکان دەکۆڵێتەوە)(مارف،١٩٨٧ :٢١). کەواتە؛ ڕۆنان و واتای سیمانتیکی وشە، یاخود ناو لە ڕووی یاساکان و چۆنیەتی دارشتنی وشەکە و ناوەکە سەرنج دەدرێت، کە ئەم وشەیە، یاخود ناوەیە چۆن بەرهەمهاتووە و واتای نوێی دارشتووە و ئەو یاسایانەی بەشدارییان لە بەرهەمهێنانی ئەم وشەیە، یاخود ئەم ناوەیە کردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) –ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەم شێوەیە ڕۆنان و واتای سیمانتیکیی ناوی دارێژراو لە زمانی کوردیدا لە مۆرفێمەوشەدارێژەکانی ناوی دارێژراو و کەرتە سەربەخۆکانی ناوی دارێژراو پێکدێت, بەمەش ناوی دارێژراو بەلایەنی کەمەوە لە وشەیەکی سەربەخۆ و مۆرفێمێکی وشەدارێژی دروستدەکرێت، کە ئەم یاسایانەی لە زمانی کوردیدا بۆ هەڵدەهێنجرێت.

_ پێشگری وشەدارێژ + بناغە= ناوی دارێژراو

_ بناغە + پاشگری وشەدارێژ= ناوی دارێژراو

_ پێشگری وشەدارێژ + بناغە + پاشگری وشەدارێژ= ناوی دارێژراو

لە هەمان کاتیشدا مۆرفێمەڕێزمانییەکان دەتوانن لە فۆرمێکی سینتاکسیدا دۆخی ناوە دارێژراوەکە دیاریبکەن. بۆ نموونە ناوی دارێژراوی (هاوکار) دەبێتە (هاوکارێك، هاوکارەکە، هاوکاران، هاوکارەکان).

### 3/2) مۆرفێمەوشەدارێژ(Derivational Morpheme)ەکانی ناوی دارێژراو:

مۆرفێمی وشەدارێژ، ((ئەو مۆرفێمانە پۆلێکی فراوانن بەشداری لە دارشتن و دروستکردن واتای نویدا دەکەن))(عومەر و حەمەد، 2015: 16). بەم جۆرە وەکو کەرەسەیەکی سیمانتیکی ((ئەو مۆرفێمانەن, کە کارکردنیان لە چوار چێوەی یەکەی واتای فەرهەنگی دا دەبێت، واتە واتای نوێ بەرهەم دێنێت))(حمد, ٢٠٠٨ :١٨). کەواتە؛ مۆرفێمی وشەدارێژی ناوی دارێژراو، وشەیەکی نوێ بە واتایەکی نوێ بەرهەمدەهێت، کە دەچێتە خانەی وشەی فەرهەنگییەوە. هەر بۆیە (بە پێی چەمکی دارشتن، لە زمانی کوردیدا ناوی دارێژراو بەو تایبەتمەندییە جیادەکرێتەوە کە بە هۆی گیرەکی وشەدارێژی ناوییەوە دادەڕێژرێت)(یونس،٢٠١٣ :٤٧). بەم جۆرە پێشگر و پاشگری وشەدارێژی ناوی دارێژراو، ئەرکیان دارشتنی واتایەکی ترە لە قالبی ناوی دارێژراودا، بەم پێیە ئەو مۆرفێمانە بە شێوەیەکی فرەوان بەشداری لە رۆنان و دروستکردنی سیمانتیکی وشەی نوێدا دەکەن. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە ژمارەی مۆرفێمەوشەدارێژەکانی ناوی دارێژراو زۆرە بۆ ڕۆنانی ناوی دارێژراو، کە خۆی لە فۆرمی نوێ دەبینێتەوە.

بەم شێوەیە (مۆرفێمی وشەدارێژی ناوی دارێژراو ئەو گیرەکانەن کە واتای نوێ دەبەخشن بە وشە کاتێک دەچنە سەر وشەکە چ وەکو پێشگر یان پاشگر)(محی الدین,٢٠٠٨: ١٦). هەر بۆیە پێشگر و پاشگر ئەو دوو مۆرفێمەوشە دارێژەن، کە بەشداری لە رۆنان و سیمانتیکی ناوی دارێژراودا دەکەن، کەواتە؛ ((گیرەکی وشە دارێژ بە پێی ئەوەی فۆرمێکی تازە بە واتایەکی تازە یان فۆرمێکی تازە بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) –ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

واتا و کەتیگۆرییەکی تازە دادەڕێژێت، بۆیە دەکرێ گیرەکە وشەدارێژەکان بە پێی کەتیگۆرییەکەوە دابەشبکرێن))(یونس، ٢٠١٣: ٤٧). لەم ڕووەوە ئەو مۆرفێمە وشەدارێژانە پێش ئەوەی بچنە سەر وشە واتایان نییە و بە تەنیا لە زماندا بەکارناهێندرێن، بەڵام کاتێک دەچنە سەر وشە، وشەکە لە واتای خۆی دەگۆڕن بۆ واتایەکی نوێ و یەکەیەکی سیمانتیکی جیاواز بەرهەمدەهێنن. لەم ڕووەوە ((پاشگر و پێشگر بە هۆیەکی سەرەکی دارشتنی ناوی دارێژراو دەژمێردرێن))(یوسوپۆڤا، 2005: 59). بەم پێیە مۆرفێمی وشەدارێژی ناوی دارێژراو بە پێی شوێنییان دابەشی سەر دوو جۆر دەبێت، ئەوانیش پێشگر( Prefix )و پاشگر (Suffix).

**1_3/2) پێشگر Prefix:**

بە شێوەیەکی گشتی پێشگر ((ئەو مۆرفێمە بەندەیە کە بە شێوەیەکی سەربەست دەرناکەوێت و بە تەنیا واتا نابەخشێت))(محمد, 2019: 72). و بە بەشی پێشەوەی وشە دەنووسێت، لەم ڕووەوە شوێنی پێشگر لە وشەدا دەکەوێتە پێش وشەکەوە، ڕەنگە ئەو پێشگرە لە فۆنیمێک یان زیاتر پێکهاتبێت. یاخود سیمانتیکیی پێشگری وشەدارێژ ((ئەو مۆرفێمەیە, کە بە پێشی وشەوە دەلکێ و ڕواڵەت و ناوەڕۆکی وشەوە دەگۆڕێ و دەوری ڕۆنانی وشە دەبینێ))(مارف,٢٠٠٤: ١٠٦). کەواتە؛ پێشگر لە زمانی کوردیدا دەچێتە پێش وشە و واتایەکی نوێ و وشەیەکی تر بەرهەمدەهێنێت، کە ئەم وشە چەمک و واتای لە وشەکەی پێشتری خۆی جیاوازە، بۆ نموونە (پێنووس، بێکار) ئەم دوو ناوە دارێژراوە لە پێشگری ( پێ_، بێ_ )و ( نووس، کار) بەرهەمهاتوون، کە پێش ئەوەی وشەی نوێیان لێ دابرێژرێت، هەردوو فۆڕمی ( نووس_ نووسین، کار) هەڵگری دوو واتای جیاوازبوون. هەر بۆیە (پێشگر بریتیە لەو مۆڕفیمەی کە پێش ڕەگی وشە دەکەوێت)(ئەحمەد، ١٩٩٥: ٢٩). واتە؛ لە ڕیزبووندا پێشگری وشەدارێژی ناوی لە پێش وشەکەوەیە، کاتێک ناوێکی دارێژراو دروستدەکات، هەر بۆیە بە پێشەوەی ڕەگی وشەکەوە دەنووسێت، پێشگر بە تەنیا بەکارناهێندرێت، چونکە لە زمانی کوردیدا کەرستەیەکی واتاردار نییە، بەڵام کاتێک دەچێتە سەر مۆڕفێمێکی سەربەخۆ واتا بنەڕەتییەکەی دەگۆڕێت، فۆڕمێکی تازەی واتادار پێکدەهێنێت، هەندێ جاریش کەتیگۆری وشەکەش دەگۆڕێت.

پێشگرەکانی ناوی دارێژراو (بێ_، پێ_، تێ، لێ_, ڕا_, بەر_, هاو_, هەڵ_، ... هتد) ئەم پێشگرانەش یاسای تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆ نموونە پێشگری ( هاو_ ) لە زمانی کوردیدا بێ واتایە و بە تەنیا بەکارناهێنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگە پێدراوە، بچێتە پێش وشەکانی ( سەر، شار، ڕێ ... هتد) فۆڕمی

تازە و واتای نوێ، کە بریتین لە ناوی دارِێژراوی ( هاوسەر، هاوشار، هاورێ ... هتد) پێکبهێنێت، بەڵام ڕێگە پێنادرێت، بچێتە سەر وشەکانی (کەس، باخ، کورد ...هتد)، پێشگرەکانی تریش بە هەمان شێوەیە، ئەمە یاسای ڕۆنان و سیمانتیکی ناوی دارِێژراوی زمانی کوردییە.

### 2_3/2) پاشگر Suffix:

پاشگر زاراوەیەکی مۆرِفۆلۆجییە لە زمانی کوردیدا، شوێنی پاشگر لە وشەدا دەکەوێتە کۆتایی وشەکەوە، ئینجا ئەو پاشگرە، دەکرێت لە فۆنیمێک یان زیاتر پێکهاتبێت، کاتێک بە وشەکەوە دەنووسێت، وشەیەکی نوێ و واتایەکی نوێ پێکدەهێنێت. یاخود پاشگری وشەدارِێژ ((ئەو مۆرِفێمەیە, کە بە کۆتایی بناغەی وشەوە دەنووسێ و ڕواڵەت و ناوەڕۆکی وشەوە دەگۆڕێ و دەوری ڕۆنانی وشە دەبینێ))(مارف, ٢٠٠٤: ٨١). بەم شێوەیە پاشگر لە زمانی کوردیدا دەچێتە سەر کۆتایی وشە و وشەیەکی تر بەرهەمدەهێنێت، کە ئەم وشە چەمک و واتای لە وشەکەی پێشتری خۆی جیاوازە. بۆ نموونە (گوڵستان، زانا) ئەم دوو ناوە دارِێژراوە لە پاشگری (_ستان، _ ا )و ( گوڵ، زان ڕەگی چاوگی زانین) بەرهەمهاتوون، کە پێش ئەوەی وشەی نوێیان لێ دابرێژرێت، هەر دوو وشەی (گوڵ، زان- زانین) هەڵگری دوو واتای جیاوازبوون. بەم جۆرە ((پاشگر ئەو مۆرِفێمانەن کە دەکەونە دوایی ڕەگەوە))(ئەحمەد،١٩٩٠: ٢٩). کەواتە؛ پاشگری وشەدارِێژی ناوی کاتێک ناوێکی دارِێژراو دروستدەکات، بە کۆتایی ڕەگی وشەکەوە دەنووسێت، بەم پێیە پاشگر لە زمانی کوردیدا کاتێک دەچێتە سەر مۆرفێمێکی سەربەخۆ واتاکەی دەگۆڕێت، هەندێ جاریش کەتیگۆری وشەکەش دەگۆڕێت. هەروەها ناوی دارِێژراو لە زمانی کوردیدا بە زۆری بە یارمەتیی پاشگری وشەدارِێژ دروستدەکرێت(مارف ،١٩٧٩: ١٠٧). لەم ڕووەوە پاشگری وشەدارِێژ لە زمانی کوردیدا کەستەیەکی بێ واتایە و بە تەنیا بەکارناهێنرێت، بەڵام کاتێك دەچێتە سەر فۆرمێکی سەربەخۆ واتای نوێ بەرهەمدەهێنێت.

پاشگرەکانی ناوی دارِێژراو بریتین لە: (_گەر, _دار، _ساز، _بەند، _وان، _ەوان، _چی، _باز، _مەند، _ی، _ەتی، _ێتی، _ەمەنی، _گا، _ەوار، _ەڵان، _ڵە، _کە، _یلە، _چکە، _ۆکە، _لە، _ۆچکە، _چە، _ۆڵە، _زار، _ێن، _ێنە، _ینە، _وانە، _گار، _ە، _ەوا، _ندە، _یی، _ێتی، _ایەتی، _ان، _انە، _ەن، _ین، _ار، _یار، _ەر، _مان، _ۆک، _گە، _ەک، _ەوە، _ەوار... هتد). ئەم پاشگرانە یاسای تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆ نموونە پاشگری (_گە) لە زمانی کوردیدا ڕێگە پێدراوە، بچێتە سەر وشەکانی (مەلەوان، جێ، خوێندن ... هتد) ناوی دارِێژراوی (مەلەوانگە، جێگە، خوێندنگە ... هتد) پێکبهێنێت، بەڵام ڕێگە

پێنەدراوە، بچێتە سەر وشەکانی (شاخەوان، شەقام، بردن...هتد)، یان پێش وشەکانی (مەلەوان، جێ، خوێندن ... هتد) ناوی داڕێژراو پێکبهێنێت، هەروەها دەکرێت، وشەیەک چەند پاشگرێکی وشەداڕێژ بە جیا جیا وەرگرێت و واتای جیا جیا پێکبهێنێت، ئەمەش ڕێگە پێدراوە، بۆ نموونە: پاشگرەکانی (_گە، _ەر، _ەوە) دەچنە سەر قەدو ڕەگ و چاوگی (نووسین) ناوی داڕێژراوی (نووسینگە، نووسەر، نووسینەوە،)، پاشگرەکانی تریش بە هەمان شێوەیە، ئەمە یاسای ڕۆنان و سیمانتیکی ناوی داڕێژراوی زمانی کوردییە.

## 4/2) پۆلگۆڕیی:

پۆلگۆڕیی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمان، کە (پێشگر و پاشگر لە زمانی کوردیدا ئەو ئەرکە دەبینن، کە وشەیەک لە بەشێکی ئاخاوتنەوە بکەنە بەشێکی دیکەی ئاخاوتن، واتە ئاوەڵناو دەکەنە ناو... هتد)(مارف,١٩٨٧ :٣٨). واتە؛ کاتێک پێشگر، یان پاشگر دەچێتە سەر وشەیەک، سەرەڕای بەرهەمهێنانی وشەیەکی نوێ، زۆر جاری واش هەیە، وشەکە لە پۆلێکی ڕێزمانییەوە دەبەنە سەر پۆلێکی دیکەوە، بۆ نموونە وشەکە ناو بێت دەیکەن بە ئاوەڵناو و بە پێچەوانەشەوە. هەر بۆیە گرنگە، کە مۆرفیمی وشەداڕێژ بچێتە سەر مۆرفێمێکی سەربەخۆ بۆ دروستکردنی وشەیەکی نوێ یان گۆڕینی بەشە ئاخاوتنی وشەکە(ئەحمەد،١٩٩٠: ٢٨). بەم شێوەیە پۆلگۆڕیی ڕۆلی گرنگی هەیە، لە زیادکردن و دەوڵەمەندکردنی وشەی نوێ بۆ بەشەکانی ئاخاوتن و سیمانتیکی ناوی داڕێژراو، بۆ نموونە وشەی (زەرد= ئاوەڵناوە)، کاتێک پاشگری (ێنە)ی دەچێتە سەری دەبێتە ( زەردێنە= ناو)، واتە؛ زەردێنە، کە ناوێکی داڕێژراوە لە قالبێکی واتایی نوێدا و لە بەشێکی ئاخاوتنی نوێدا. هەر بەم شێوەیە ڕەگی چاوگی (فڕین)، کە (فڕ)ە، کاتێک پاشگری (ۆکە)ی دەچێتە سەری دەبێتە (فڕۆکە=ناو).

لێرەدا ئەوەی دەبینرێت، مۆرفیمی وشەداڕێژ پۆلی ئاوەڵناو و ڕەگی کاری گۆڕیوە بۆ پۆلی ناو، لە قالبی ناوی داڕێژراودا، کەواتە؛ مۆرفیمی وشەداڕێژ(کەتیگۆری ڕێزمانی وەک: ناو، ئاوەڵناو، ڕاناو، ئاوەڵکرداری وشەکان دەگۆڕێت و وشەی نوێ دروست دەکات)(حمد، ٢٠٠٨: ١٨). بەم شێوەیە مۆرفیمی وشەداڕێژ ڕاستەوخۆ یان بە تەنیا واتا ناگەیەنن، بەڵکو واتای سیمانتیکیی و کەتیگۆری نوێ بەرهەمدەهێنێت، بەم پێیە جووڵەکردنی ئەم پۆلە ڕێزمانییانە، وا دەکات، ئەو کەلێن و بۆشاییانەی لە ڕێزمان و سیمانتیکدا دروست دەبێت، لە ڕێگەی ناوی داریژراودا بە شێوەیەکی ئاسایی پڕیان بکاتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) –ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 5/2) کەرتە پێکهێنەرەکانی ناوی داڕێژراو:

کەرتە پێکهێنەرەکان لە هەر پۆلێکی ڕێزمانیدا بن، یان لە هەر فۆڕمێکی سەربەخۆدا بن، ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێرن، لە پێکهێنانی ئەم جۆرە ناوەدا. هەر بۆیە (( بۆ ڕۆنانی ناوی داڕێژراو هەندێ پاشگر هەن دەچنە سەر ( ناو یا ئاوەڵناو یا کردار یا ڕەگی کردار یان ئاوەڵکردار ) ی سادە و دەیکەنە ناوی داڕێژراو ... جگە لەوە هەندێ پێشگریش هەن, کە بە ڕەگی کردار یان ناوەوە دەلکێن و ناوی داڕێژراو دروست دەکەن))(مارف, ١٩٨٧ :٥٠ -٦٤). واتە؛ ناو و ئاوەڵناو و کار و ڕەگی کار و ئاوەڵکار یەکێکن لەو کەرتە پێکهێنەرە سەرەکییانەی، کاتێک پاشگر، یان پێشگر وەردەگرن، ناوێکی داڕێژراو لە فۆڕمێکی سیمانتیکی نوێ پێکدەهێنن.

## 5_1/2) ڕۆنان و واتای سیمانتیکی ناوی داڕێژراو لە ناودا:

سەبارەت بە ڕۆنان و واتای سیمانتیکیی ناوی داڕێژراو لە ناودا (لە زمانی کوردیدا پێشگرو پاشگر بە زۆری و بە شێوەیەکی چالاک یاریدەی داڕشتنی ناوی داڕێژراو دەدەن)( هەمان سەرچاوە: ٨٢). بەم شێوەیە پێشگر و پاشگری وشەدارێژی ناوی ڕۆلی گرنگ دەگێرن لە داڕشتن و واتای نوێی ناوی داڕێژراودا.

_ ئەم پێشگرانە: (بێ_، پێ_، ڕا_، _دا، _بەر، _هاو، ...هتد)، دەچنە پێش سەر ناوی سادەی وەک (کەس، دەشت, ناو، کار، شار، ... هتد) ناوی داڕێژراویان لە فۆڕمێکی واتایی نوێدا وەک:( بێکەس، پێدەشت, ڕاناو، بەرکار، هاوشار، ... هتد)، یان داڕشتووە. هەر بۆیە یەکێک لە تایبەتمەندی ئەو پێشگرانە ئەوەیە، کە بە پێی یاسا دەچنە پێش ئەو ناوانە، دەبێت گونجان و ڕێککەوتن هەبێت لە نێوانیان، ئینجا واتا نوێیەکە بەرهەمدێت، هەر وەکو ئەو نموونانەی خراونەتەڕوو، کەچی گونجان و ڕێککەوتن بۆ واتای نوێ لە نێوان پێشگری ( هاو_ ) و ناوی سادەی ( کەس) نییە، چونکە یاسای زمان ڕێگە بە یەکگرتنیان نادات بۆ بەرهەمهێنانی ناوێکی داڕێژراو، کە فۆڕمێکی واتای سیمانتیکیی نوێی هەبێت.

_ ئەم پاشگرەکانە: ( _گەر, _دار، _ساز، _بەند، _وان، _ەوان، _چی، _باز، _مەند، _ی، _ەتی، _ێتی، _ەمەنی، _گا/گە، _ەوار، _ەڵان، _ڵە، _کە، _یلە، _چکە، _ۆکە، _لە، _ۆچکە، _چە، _ۆڵە، _زار، _ێن، _ێنە، _ینە، _وانە، _گار، _ە، _ەوا، _ندە... هتد) دەچنە دوای ناوی سادەی وەک (ئاسن، گیان، ددان، ناڵ، گا، باخ، چا، کەو، هونەر، منداڵ، پیاو، کەر، چاپ، یاری/ ڕێ، شوێن، کەند، گۆزە، لوت، کار، گوێ، بزن، برا، داپیر، دەریا، بەرخ، گوڵ، تۆپ، نیسک، دۆ، مل، شەو، چاو، نان، باڵ... هتد) ناوی داڕێژراوی،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) –ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەک: (ئاسنگەر، گیاندار، ددانساز، ناڵبەند، گاوان، باخەوان، چایەچی، کەوباز، هونەرمەند، منداڵی، پیاوەتی، کەرێتی، چاپەمەنی، یاریگا/ ڕێگە، شوێنەوار، کەندەڵان، گۆزەڵە، لوتکە، کاریلە، گوێچکە، بزنۆکە، براله، داپیرۆچکە، دەریاچە، بەرخۆڵە، گوڵزار، تۆپێن، نیسکێنە، دۆینە، ملوانە، شەوگار، چاوە، نانەوا، باڵندە،...هتد)، یان لە فۆرمێکی نوێ و واتایەکی سیمانتیکیی نوێدا دارشتووە. بە هەمان شێوەی پێشگر، یەکێک لە تایبەتمەندی ئەو پاشگرانە ئەوەیە، کە بە پێی یاسا دەچنە دوای ئەو ناوانە، بەمەرجێک دەبێت گونجان و ڕێککەوتن هەبێت لە نێوانیان، ئینجا واتا نوێیەکە بەرهەمدێت، هەر وەکو ئەو نموونانەی خراونەتەڕوو، کەچی بۆ نموونە گونجان و ڕێککەوتن بۆ واتای نوێ لە نێوان پاشگری (_ ەڵان) و ناوی سادەی (باخ) نییە، چونکە یاسای زمان ڕێگە بە یەکگرتنیان نادات بۆ بەرهەمهێنانی ناوێکی داڕێژراو، کە فۆرمێکی واتای سیمانتیکیی نوێی هەبێت.

## 2_5/2) ڕۆنان و واتای سیمانتیکیی ناوی داڕێژراو لە ئاوەڵناودا:

لە ڕێگەی دارشتنەوە، واتای سیمانتیکیی ناوی داڕێژراو بەرهەمدێت، بەمشێوەیە (( ئاوەڵناو بە هۆی پاشگرەوە ناوی داڕێژراو پێکدەهێنێت.))(حەمەدئەمین، ٢٠١٤ :١٣). هەر بۆیە ژمارەیەک مۆرفیمی وشەداڕێژی ناو هەن، وەکو پاشگر لەگەڵ ئاوەڵناو یەکدەگرن و ناوی داڕێژراو و واتای نوێ دادەڕێژن.

_ ئەم پاشگرانە: (_ی، _یی، _ێتی، _ایەتی، _ە، _ەڵان، _ێنە، _کە، _ان، _انە، _ەن، _ین، _ندە، _ەمەنی...هتد)، بە پێی ڕێکەوتن وگونجان لە قالبی ڕۆناندا واتا دەبەخشن و دەچنە دوای ئاوەڵناوی سادەی، وەک (کوێر، گەورە، سپی، بڵند، چاک، سەوز ، زەرد، ڕەش، نەرم، پاک، ڕەق، شەرم، دڕ، سارد،... هتد). واتای سیمانتیکیی ناوی داڕێژراوی وەک: ( کوێری، گەورەیی، سپێتی، بڵندایەتی، چاکە، سەوزەڵان، زەردێنە، ڕەشکە، نەرمان، پاکانە، ڕەقەن، شەرمین، دڕندە، ساردەمەنی... هتد)، یان بەرهەمهێناوە.

## 3_5/2) ڕۆنان و واتای سیمانیکیی ناوی داڕێژراو لە کارەوە:

سەبارەت بە ڕۆنان و واتای سیمانتیکیی ناوی داڕێژراو لە کارەوە ( هەندێ پاشگر و پێشگر بە ڕەگی کرداری رابورد و ئێستا و ناوی چاوگەوە دەلکێن و ناوی داڕێژراوی لێ دروست دەکەن)(مارف،١٩٨٧ :٦١). بەم شێوەیە کاریش لە ڕۆنانی ناوی داڕێژراودا ڕۆڵ دەبینێت، ئەویش بە یارمەتی پێشگر و پاشگری وشەداڕێژی ناو، واتای نوێ دروستدەکات، کەواتە؛ (ڕەگی ڕابردوو, ڕەگی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) –ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕانەبردوو بەشداری لە پێکهێنانی ناوی داڕێژراو دەکەن)(حەمەدئەمین،٢٠١٤: ٢١). بۆ ڕۆنانی واتای نوێ لە قالبێکی جیاوازدا، لێرەدا ئاماژە بەو پاشگر و پێشگرانە دەکەین، کە دەچنە سەر کار و ناوی داڕێژراو پێکدەهێنن.

_ ئەو پێشگرانەی وەک: (پێ_، تێ_، لێ_، ڕا_، بەر_، هەڵ_، هاو_... هتد) لە بەرهەمهێنانی سیمانتیکی ناوی داڕێژراودا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن، ئەویش بە پێی یاسای زمان ڕێگەپێدراوە و دەچنە پێش ڕەگی کاری، وەک (نووس، کە، کەوت، کوڵ، پێچ، ... هتد) ناوی داڕێژراوی وەک: (پێنووس، تێکەر، لێکەوتە، ڕایەخ، بەرکوڵ، هەڵکەوت، هاوپێچ،... هتد)، یان لێ دروستدەکەن.

_ ئەو پاشگرانەی، وەک (_یار، _ەر، _ۆکە، _ە، _گە، _ەن، _ەک، اک، _وە/ ەوە، _کە، _ەوار، _ندە، _ەمەنی...هتد)، بە پێی ڕێکخستن و گونجانی زمانی دەچنە دوای ڕەگی کار و چاوگەکانی وەک: (کڕ، نووس، فڕ، کۆک، خوێندن، سوت، کوت، خۆ، کرد، فڕ، خوێند، کوش، سوت...هتد) ناوی داڕێژراوی وەک: (کڕیار، نووسەر، فڕۆکە، کۆکە، خوێندنگە، سوتەن، کوتەک، خۆراک، کردەوە، فڕکە، خوێندەوار، کوشندە، سوتەمەنی...هتد)، یان لێ پێکدەهێنن.

**4_5/2) ڕۆنان و واتای سیمانتیکیی ناوی داڕێژراو لە ئاوەڵکاردا:**

یەکێك لە پێناسەکانی ئاوەڵکار، ئەوەیە کە ((ئەدڤێربڵ فرێزێکە، ڕوویەکی سینتاکسی و یەکێکی سیمانتیکی هەیە))(حسێن، 2010: 195). بەم پێیە ئاوەڵکار بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، لە هەمان کاتیشدا دەبێتە کەرتێکی تری بنەڕەتیی پێکهێنەری واتای سیمانتیکیی ناوی داڕێژراوە، لەم ڕووەوە ((سیمانتیك بۆ فرێزە ئەدڤێربڵییەکان بەهای تایبەتی خۆی هەیە، چونکە دەبێتە نیشانە بۆ جیاکردنەوەی لە فریزەکانی تر))(هەمان سەرچاوە). هەربۆیە (هەندێ پاشگر دەچنە سەر ئاوەڵکرداری سادە و دەیانکەنە ناوی داڕێژراو)(مارف،١٩٨٧:٦٤). واتە؛ پاشگری وشە داڕێژی ناوی دەچێتە سەر کۆتایی ئاوەڵکارێکی سادە بۆ داڕشتنی ئەم جۆرە ناوە ، بەم شێوەیە ((ئاوەڵکردار بە یارمەتی مۆرفێمەوشەداڕێژەکان, کە تاڕادەیەک بەرهەمدارن ئەرکی پێکهێنانی ناوی داڕێژراو دەبینن))(هەمان سەرچاوە،١٩٨٧ :٦٤). بەڵام ئەوەی سەرنجە لە زمانی کوردیدا سنوری بەرهەمهێنان و واتای سیمانتیکیی ناوی داڕێژاو لە ئاوەڵکاردا سنوردارە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) –ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

_ ئەو پاشگرانەی وەک (_ێن، _ار، _ەوا، ...هتد) دەچنە دوای ئاوەڵکاری سادەی، وەک (پێش، بن، پێش...هتد) ناوی داڕێژراوی وەک: (پێشێن، بنار، پێشەوا،...هتد)یان لێ دادەڕێژن. بەم پێیە ناوی داڕێژراو لە ڕووی ڕۆنان و واتای سیمانتیکییەوە کەرستەیەکی نوێی زمانییە.

**6/2) مۆرفێمە ڕێزمانی (Inflectional Morpheme) یەکانی ناوی داڕێژراو:**

مۆرفێمی ڕێزمانی جۆرێکە لە مۆرفێمی بەند، واتە؛ بە تەنیا بەکارناهێندرێت و دەچێتە سەر وشە بە مەبەستی پیشاندانی پەیوەندی نێوان ئەو وشەیە و وشەکانی تر لە چوارچێوەی سینتاکسدا. بەم شێوەیە ((گیرەکی ڕێزمانی کە دەنووسێن بە قەد و وشەوە, وشەکە لە هەر بەشێکی ئاخاوتندا بێت وەکو خۆی دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت بە واتاییکی دی مۆرفێمی ڕێزمانی پۆلی سینتاکسی وشەکە ناگۆڕێت))(قادر,3٢٠٠: ٥١). واتە؛ مۆرفێمی ڕێزمانی کاتێک دەچێتە سەر ناوێکی داڕێژاو دۆخی سینتاکسی ناوەکە دیاریدەکات، بەم جۆرە کاتێک لەگەڵ ناوێکی داڕێژاودا دێت، هەموو کات دەکەوێتە دوای پاشگرە وشەداڕێژەکان، واتە؛ هەرگیز مۆرفێمی ڕێزمانی پێش پاشگری وشەداڕێژی ناو ناکەوێت. هەر بۆیە مۆرفێمە ڕێزمانییەکانی ناوی داڕێژراو هەمیشە لایەنێکی ئەرکیان هەیە, کاتێک دەچنە سەر ناوێکی داڕێژراو, فۆرمێکی گراماتیکی بە وشەکە دەبەخشن(یونس، ٢٠١٣: ٥٤). بۆ نموونە:

_ پۆلیسەکە باخەوانەکەمانی گرت.
_ باخ= مۆرفێمی سەربەخۆ
_ چە= مۆرفێمی وشەداڕێژی ناوی داڕێژراو
_ وان= مۆرفێمی وشەداڕێژی ناوی داڕێژراو
_ ەکە= مۆرفێمی ڕێزمانی ناسراوی
_ مان= مۆرفێمی ڕێزمانی دەرخەری
_ ی= مۆرفێمی ڕێزمانی بکەری

کەواتە؛ لە ناوی داڕێژراودا پاشگری وشەداڕێژی ناو هەمیشە لە دوای ڕەگی وشەوە دێت، ئینجا بە دوای ئەودا مۆرفێمی ڕێزمانی دێت. لێرەدا (ناو لە پێکهاتەی ڕستەدا کۆمەڵێک لە کەرستە مۆرفۆسینتاکسییەکان وەردەگرێت، ئەم کەرستانەش تایبەتن بە پێکهاتەی ناو، وەکو مۆرفێمەکانی ناسراوی، نەناسراوی، کۆ، خاوەنێتی)(برزۆ، ٢٠١٠: ٩٩)٠ بەم شێوەیە بەهەمان شێوە، ناوی داڕێژراویش هەمان کەرستە مۆرفۆسینتاکسییەکان وەردەگرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) –ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١_ مۆرفیمی (_ەکە)ی ناسراوی و ئەلۆمۆرفەکانی (کە، یەکە، ک، یەک، ەک، ە) دەچنە دوای ناوەدارێژراوەکانی (نووسەر، فڕۆکە، پێشەوا، ڕەشکە، درندە، کڕیار، سەرۆک)، دۆخێکی ڕێزمانی بۆ (نووسەرەکە، فڕۆکەکە، پێشەوایەکە، ڕەشکەکان، درندەیەکان، کڕیارەکان، سەرۆکە)، دەهێننە ئاراوە، لەم ڕووەوە مۆرفیمی ناسراوی کاتێک دەچێتە سەر ناوێکی دارێژراو فۆرمێکی سینتاکسی بۆ خودی وشەکە و پەیوەندی و بارێکی سینتاکسی لە نێوان وشەکانی ڕستەدا دروستدەکات، بۆ نموونە:

_ پێشەوا ڕەشکەکەی بە کڕیارەکانی فرۆشت.

٢_ مۆرفیمی (ێک)ی نەناسراوی و ئەلۆمۆرفەکانی (ێ، یەک، ەک) دەچنە دوای ناوەدارێژراوەکانی (کەوباز، شوێنەوار، گۆزەڵە، کەندەڵان) دۆخێکی سینتاکسی، وەک: (کەوبازێک، شوێنەوارێ، گۆزەڵەیەک، کەندەڵانەک) پیشاندەدەن، کاتێك لە ڕستەدا لە نێو ڕستەشدا دەبن، پەیوەندییەکی ڕێزمانی لە نێو کەرستەکانی ڕستەکەدا دروستدەکەن، بۆ نموونە:

_ شوێنەوارێ لە گۆزەڵە دۆزرایەوە.

٣_ مۆرفیمی (ان)ی کۆ و ئەلۆمۆرفی (وات) دەچنە سەر ناوەدارێژراوەکانی (باخەوان، سەوزە) دۆخێکی سینتاکسی، وەک (باخەوانان، سەوزەوات) پیشاندەدەن. بۆ نموونە:

_ ئەمڕۆ باخەوانان سەوزەواتیش دەچێنن.

هەندێ ئەلۆمۆرفی کۆی تر هەن، وەک ( یان، ەها، یەها، وان، جات، هات، گەل ) بە پێی ئەو تایبەتمەندییەی هەیانە، دەچنە سەر ناوی تایبەت بە خۆیان و واتای کۆ دەگەیەنن.

٤_ مۆرفیمی (ی، ە) خستنەپاڵ لە زمانی کوردیدا ((ڕۆڵی ڕێ پێدان و هاتنە ناوەوەی کەرەسەی تر ڕێکدەخەن لە فرێزی ناویدا و بە مۆرفۆسینتاکسی خستنەپاڵ دادەنرێن، چونکە ئەرکێکی سینتاکسی دەستەبەر دەکەن))( قادر، ٢٠٠٣: ٤٣_٤٤). واتە؛ مۆرفیمی خستنەپاڵ دەچنە سەر ناوی دارێژراو لە ناو قالبی فرەیزدا دەردەکەون. بۆ نموونە:

_هاوڕێی براله دراوسێمانە.

_ زەردێنەی هێلکەکەی خوارد.

_ شوێنەوارە دۆزراوەکەم بینی.

٥_ مۆرفیمی خاوەنێتی (م، ت، ی، مان، تان، یان) دەچێتە سەر ناوی دارێژراو لە قالبێکی سینتاکسیدا و واتای خاوەنێتیش بە ناوە دارێژراوەکە پێدەبەخشێت، چونکە مۆرفیمی خاوەنێتی چەمکی خاوەنێتی تیادایە. بۆ نموونە:

_ چایەچییەکەم ڕۆیشت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) –ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

_ پێنووسەکەیان شکا.

_ پیاوەتییەکەتم گێڕایەوە.

بەم شێوەیە ( مۆرفێمی ڕێزمانی، ئەو مۆرفێمەیە، کە ئەچێتە سەر وشە بۆ دەربڕینی پێوەندی نێوان وشەکان لە ناو ڕستەدا)(ئەمین،٢٠١١: ٩٣_٩٤)، کەواتە؛ مۆرفێمە ڕێزمانییەکان کاتێک دەچنە سەر ناوی داڕێژراو بارێکی ئەرکی بە ناوە داڕێژراوەکە دەبەخشن و لە ناو ڕستەشدا پەیوەندی لەگەڵ وشەکانی تر دروست دەکەن.

## ئەنجام

1_ ناوی داڕیژراو بە هۆی ئەوەی فۆرم و واتایەکی سیمانتیکیی نوێ لەخۆدەگرێت، ڕۆلێکی گرنگ لە زماندا دەبینێت، بەو هۆیەوە زمانی کوردی لە ڕێگەی ڕۆنانی ناوی داڕێژراوەوە، فۆرمی تازە و واتای نوێ بەرهەمدەهێنێت و زۆربەی ئەو کەلێن و بۆشاییانەی لە مۆرفۆلۆجیی و سیمانتیکدا دروستدەبن، پڕیان دەکاتەوە.

2_ دروستی ڕۆنانی ناوی داڕێژراو رووێکی سەرەکی بەرهەمهێنانی واتای سیمانتیکیی ناوی داڕێژراوی کوردییە و مۆرفێمە وشەداڕێژەکانی ناویش سەرەڕای بەکارنەهێنانیان وەکو وشەیەکی سەربەخۆ، ڕۆلێکی گرنگ لە بەرهەمهێنانی ناوی داڕیژراو دەبینن.

3_ ناو و ئاوەڵناو و کار و ڕەگی کار و ئاوەڵکاری سادە، یەکێکن لەو کەرتە پێکهێنەرە سەرەکییانەی ناوی داڕێژراو، کاتێک پاشگر، پێشگر، یان هەردووکیان بەیەکەوە وەردەگرن، ناوێکی داڕێژراو بۆ زمانی کوردی پێکدەهێنن.

4_ لە زمانی کوردی مۆرفێمە وشە داڕیژەکانی ناوی داڕێژراو ئەو ئەرکە دەبینن کە وشەیەك لە بەشێکی ئاخاوتنەوە بکەنە بەشێکی تری ئاخاوتنەوە، بۆنموونە ئاوەلناو دەکەنە ناو، یاخود بەپێچەوانەوە، بەم شێوەیە پۆلگۆڕیی ڕۆلی گرنگی هەیە، لە زیادکردن و وشەی نوێ بۆ بەشەکانی ئاخاوتن.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5_ ناوی دارێژراو کاتێک مۆرفێمی ڕێزمانی وەردەگرێت، هەندێکجار ئەرکیان لە پۆلی سینتاکسی دەگۆڕێت، بەڵام واتای وشەکە ناگۆڕێت، تەنیا دۆخێکی ڕێزمانی پێدەدات، هەر بۆیە مۆرفێمە ڕێزمانییەکانی ناوی دارێژراو هەمیشە لایەنێکی ئەرکییان هەیە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە بە زمانی کوردی:

1_ ئەحمەد، کەوسەر عەزیز (١٩٩٠) بیردۆزی مۆرفێم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.

2_ ئەحمەد، نەرمین عومەر (2010)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی.

3_ ئەمین، وریا عومەر (٢٠١١) پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم, چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

4_ برزۆ، ئومێد بەرزان (٢٠١٠) مۆرفۆسینتاکس و دروستەکانی لە شێوەزاری خانەقیندا، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

5_ محمد، حاتم ولیا (2019)، مۆرفۆلۆجیی، چاپی یەکەم، چاپخانە ؟.

6_ حەمەدئەمین، شنۆ عەوڵا (٢٠١٤) فرە ئەرکی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سلێمانی.

7_ حسین، ئازاد ئەحمەد (2010) ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا، لێکۆلینەوەیەکی بەراوردکارییە بە کەرستەی بە دیالێکتی خواروو و هەورامی، کوردۆلۆجی، گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجی، ژمارە (3)، سلێمانی.

8_ حمد، یارا قادر (٢٠٠٨) مۆرفۆسینتاکس لە زاری کۆیە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە.

9_ خرما، نايف (٢٠١٣) چەند تيشكێك بۆ سەر لێكۆڵينەوە زمانەوانييە هاوچەرخەكان، وەرگێڕانی: شهاب شێخ طيب، چاپخانەی شەهيد ئازاد هەورامی، كەركوك.

10_ دزەيی، عەبدولواحيد موشير (٢٠٠٩) واتاسازی، چاپی يەكەم, چاپخانەی خانی، هەولێر.

11_ سەليم، زێرين خۆرشيد (2012)، ئەلۆمۆرف د زمانی كورديدا، چاپا ئێكێ، چاپخانەيا خانی، سپيرێز، دهۆك.

12_ صديق، شێرزاد سعيد (2008)، ڕستەی زمانی كوردی بە پێی تيۆری (كاتيگۆری و پێوانە)ی هاڵيدەی، نامەی ماستەر، كۆليژی زمانی زانكۆی سەلاحەددين- هەولێر.

13_ عەلی، محەمەد محەمەد يونس (٢٠١٠) سەرەتايەک بۆ زانستەكانی واتاسازی و پراگماتيک، وەرگێڕانە: نەريمان عەبدوڵلا خۆشناو، چاپی يەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

14_ عومەر، شيلان (٢٠١٢) سينتاكس و سيمانتيک لە ڕێزمانی كورديدا، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی.

15_ قادر، ئەبوبەكر عومەر (٢٠٠٣) بەراوردێكی مۆرفۆسينتاكسی لە زمانی كوردی وفارسيدا، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.

16_ مارف، ئەورحمانی حاجی (١٩٧٩) ڕێزمانی كوردی، مۆرفۆلۆژی، ناو، بەرگی يەكەم، بەشی يەكەم، چاپخانەی كۆڕی زانياری عێراق، بەغدا.

17_ ___________ (١٩٨٧) وشەرۆنان لە زمانی كورديدا، لە چاپكراوەكانی كۆڕی زانياری كورد، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددين، چاپی دووەم.

18_ ___________ (٢٠٠٤) فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، كوردی- عەرەبی- ئينگليزی، سلێمانی.

19_ مەحموود، ئازاد ئەحمەد ( ٢٠١٥) بنەما و تەوەرەكانی واتاسازی نوێ، چاپخانەی حاجی هاشم، لە بڵاوكراوەكانی ئەكاديميای كوردی، هەولێر.

20_ محی الدين، بازيان يونس (٢٠٠٨) پەيوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سينتاكس، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەددين- هەولێر.

21_ موکریانی، کوردستان (2017)، زمانی کوردی مۆرفۆلۆژیا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هەڤاڵی هونەری، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر.

22_ عومەر، نەوزاد ئەنوەر و حەمەد، شیروان حسێن (215) لێکدانەوەیەکی پڕاگماتیکی بۆ واتای مۆرفێمە وشەدارێژەکان، چاپخانەی حاجی هاشم، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(32)، هەولێر.

23_ یونس، سەمیرە تۆفیق (٢٠13) سینتاکسی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.

24_ یۆسۆپۆڤا، زەرێ ع. (٢٠٠٥) شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، وەرگێڕانی: کوردستان موکریانی چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر.

**دووەم: سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:**

25_ الخولی، محمد علی (٢٠٠٠) مدخل الی علم اللغه، دار الفلاح للنشر والتوزیع، الاردن.

26_ الدباس، صادق یوسف (٢٠١٢) دراسات فی علم اللغه الحدیث، الظبعه الاولی، دار اسامه للنشروالتوزیع، الاردن.

27_ الضامن، حاتم صالح ( ١٩٨٩) علم اللغه، طبع بمطبعه التعلیم العالی، الموصل.

28_ فارع، شحده و عمایره، موسی و حمدان، جهاد و العنانی، محمد ( ٢٠٠٣) مقدمه فی اللغویات المعاێره، الطبعه الثانیه، دار وائل للنشر، الاردن.

**سێیەم: سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:**

29 _CRYSTAL, D. (1992) An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, First Published, Blackwell Published, USA.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) –ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# 'A semantic perspective of derived nouns'

**Dr. Amir Muhammad Muhammadamin**
Department of Kurdish, College of Education, Makhmur, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Amir.muhammadamin@su.edu.krd

**Keyword:** *Perspective, Semantic, Word, Derivational Morpheme, derived nouns.*

## Abstract

This paper is entitled 'A semantic perspective of derived nouns. It deals with some aspects of derived nouns in Kurdish. As is well known, semantics deals with various aspects of meaning. In this regard, derived nouns of Kurdish are observed and some notions and semantic aspects of these nouns are analyzed. The variety adopted for the study is the Central Kurdish. The paper's research methodology is descriptive-analytic .

In addition to the introduction, conclusion, references, and abstracts in Arabic and Kurdish, the paper consists of two main parts :

Part one: Some semantic aspect of word, entry, semantics, the function of semantics, semantics distinctive features, syntactic structure, word, the meaning of semantic word's, term and concept of morpheme.

Part two: A semantic account of Kurdish derived nouns, the term and the definition of derived noun, formation and semantics of derived nouns, Kurdish derivative morphemes, prefix, suffix, word class exchange, components of derivative nouns, formation and the meaning of semantics of derived noun in nouns, formation and the meaning of semantics of derived noun in adjectives, formation and the meaning of semantics of derived noun in verbs, formation and the meaning of semantics of derived noun in adverbs, and the grammatical morphemes of derived nouns.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) –ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ملخص**

هذا البحث الموسوم (تنظير علم الدلالة لأسم المشتق) يركز على بعض الجوانب المتعلقه بعلم دلاله الاسم المشتق الكوردى، حيث يهتم علم الدلاله الكوردى بالمعانى اللغويه، ومنها دلاله الاسم المشتق، وتحليل المفاهيم والجوانب المعانيه، وقد تم الاعتماد على اللهجه الكورديه الوسطى فى الدراسه، معتمدا على المنهج الوصفى التحليلى.

ويحتوى هذا البحث على المبحثين، مسبوقه بمقدمه ومختومه بالنتائج والمصادر، والملخص العربى والانجليزى، على النحو التالى:

المبحث الاول: تنظير علم الدلالة لأسم المشتق، مدخل، علم الدلاله، وظيفه علم الدلاله، العلامات الدلاليه الفارقه، التركيب النحوى، الكلمه، معاني دلاله الكلمه, مصطلح و مفهوم المورفيم.

المبحث الثانى: تنظير علم الدلالة لأسم المشتق الكوردي، مصطلح و تعريف الاسم المشتق، تصريف و دلاله الاسم المشتق، اللواصق الصرفيه للاسم المشتق، السوابق، اللواحق، تغييرالصنف، الوحدات المكونه للاسم المشتق، تصريف و معاني دلاله الاسم المشتق من الاسم، و تصريف و معاني دلاله الاسم المشتق من الصفه، و تصريف و معاني دلاله الاسم المشتق من الفعل، تصريف و معاني دلاله الاسم المشتق من الظرف، واللواصق النحويه للاسم المشتق.

**الكلمة الدالة: تنظير, علم الدلالة, الكلمة, اللواصق الصرفيه, الأسم المشتق.**